وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانكــــۆی سەلاحەدین - هەولێر

كۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری

بەشی ئابــــووری

# ڕۆڵی كەرتی تایبەت لە ڕەخساندنی هەلی كار بۆ دارچووانی زانكۆی هەولێری پزیشكی لە هەرێمی كوردستانی عێراق – شاری هەولێر بە نموونە

(( لێكۆڵینەوەیەكە پێشكەش بە ئەنجومەنی بەشی (ئابووری) دەكرێت وەك بەشێك لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە زانستی ئابووری ))


نـــاوی تویــــژەران

سردار ابوبكر محمد

ساكار سفر عیسا　　عگید سامی ڕەسوول　　شعبان سدیق عبید

بەســەرپــەرشتی

م.ی هیمداد امین ابوبكر


٢٠٢٤/٢٠٢٣

﴿يَرْفَعْ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ
دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾

*سورة المجادلة / آية ١١*

# پێشکەشکردن

**پێشکەشە بە .......**

- ** سەرپەرشتیارمان مامۆستاهیمداد امین کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەمانی کرد .**
- ** هاوڕێیان و هاوپۆلانمان لە گشت قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆ بە تایبەت بەشی ئابووری .**
- ** گشت ئەندامانی خێزانەکانمان .**

# سوپاس و پێزانین

* سوپاس و ستایش بۆ خودای گەورەو بالاّ دەست کە یارمەتی دەرمان بوو بۆ نوسینی و ئەم توێژینەوەیە و درود و سەلام بۆ گیانی پێشەوامان محمد (صلى الله عليه وسلم ) کە رێنیشاندەرمانە بۆ رێگای زانست و راستی .
* سوپاس بۆ دایك و باوکمان و ئەندامانی خێزانەکانمان کە تەواو یارمەتیدەرمان بوونە .
* سوپاس بۆ بەرێز مامۆستا ( هیمداد امین ابوبکر ) کە سەر پەرشتی توێژینەوەکەمانی کرد.
* سوپاس بۆ هەموو ئەو هاورێیانەو کەسانەی کە یارمەتیدەرمان بوون ئەگەر بە وشەیەکیش بوبێ .

# ناوەڕۆك


| لاپەڕە | بابەت | ژ |
|---|---|---|
| .I | ئایەتی قورئانی پیرۆز | ١ |
| .II | پێشکەش کردن | ٢ |
| .III | سوپاس و پێزانین | ٣ |
| .IV | ناوەرۆك | ٤ |
| .V | لیستی خشتەکان | ٥ |
| ١ | پێشەکی | ٦ |
| ٣ | بەشی یەکەم : لایەنی تیۆری بازاری کار و بێکاری | ٧ |
| ٤ | باسی یەکەم : هێزی کار | ٨ |
| ٦ | باسی دووەم : خواست و خستنەڕووی کار | ٩ |
| ١١ | باسی سێیەم : بێکاری و هۆکارەکانی | ١٠ |
| ١٦ | بەشی دووەم: لایەنی پراکتیکی | ١١ |
| ٢٩ | کۆتایی | ١٢ |
| ٢٩ | دەرئەنجامەکان | ١٣ |
| ٣٠ | پێشنیارەکان | ١٤ |
| ٣١ | سەرچاوەکان | ١٥ |

# لیستی خشتەکان


| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بە پێی ڕەگەز | ١٦ |
| ٢ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بە پێی تەمەن | ١٦ |
| ٣ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بە پێی باری کۆمەلایەتی | ١٧ |
| ٤ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بە پێی بڕوانامە | ١٧ |
| ٥ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بەپێ بەشە پزیشکیەکان | ١٨ |
| ٦ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بە پێی پسپۆری | ١٩ |
| ٧ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بە پێی داهاتی مانگانە | ٢٠ |
| ٨ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بە پێی زانینی زمانێکر تر جگە لە زمانی کوردی | ٢٠ |
| ٩ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بە پێی دامەزراندن لە کەرتی حکومی | ٢٠ |
| ١٠ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بە پێی ساڵانی خزمەت لە کەرتی تایبەت | ٢٢ |
| ١١ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بە پێی شوێنی کارکردن | ٢٢ |
| ١٢ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بە پێی جۆری دامەزراندن لە کەرتی تایبەت | ٢٣ |
| ١٣ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بە پێی کاتی کارکردنی ڕۆژانە | ٢٣ |
| ١٤ | دابەشکردنی ڕێژەیی بەرتوێژەکان بە پێی ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن لە ڕۆژێکدا | ٢٤ |
| ١٥ | دابەشکردنی بژاردەکە بە پێی چەند پرسیارێکی تایبەت بەم لایەنە | ٢٥ |

## پێشەکی :

کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەبەرەو پێشبردنی ولآت لەهەموو بوارەکاندا چ لە ڕوانگەی دروستکردنی پرۆژەی تازە و کەڵەکەکردنی سەرمایە و هەروەها لە ڕووی ڕەخساندن و بەگەڕخستنی دەرامەتیی مرۆیی ، لە ساڵآنی ڕابردوو بە تایبەتیش لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ و کرانەوەی عراق و کوردستان بە ڕووی ولآتاندا و هاتنی چەندەها کۆمپانیانی بیانی بۆ کوردستان زیاتر ڕۆڵی کەرتی تایبەت بە دەرکەوت ، بۆیە کەرتی تەندروستیش بە دوور نەبوو لەو شەپۆلە گوڕانکاریانەی کە ڕویاندا و ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی دامەزاروە تەندروستیەکان زیاتر بوون ئەمەش لە ڕێگای هەبوونی خواست لەسەر خزمەتگوزاریەکانی لەلایەن هاولآتیان ، بەمەش ڕۆلی کەرتی تایبەت دەرکەوت لەڕەخساندن و بەگەڕخستنی دەرامەتی مرۆیی ، بۆیە لەم تویژینەوەیەدا تیشك دەخرێتە سەر گرنگی و ڕۆڵی ئەم کەرتە لە ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان بەتایبەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی لە شاری هەولێر.

## گرنگی توێژینەوە :

گرنگی توێژینەوەکە لەبەر ئەوەی ژمارەی دامەزراوە تەندروستیەکانی کەرتی تایبەت لە زۆر بوون دان بۆیە گرنگیان هەیە لە ڕەخساندن و بەگەڕخستنی دەستی کاری ناوخۆی بەشێوەیەکی گشتی و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بە تایبەتی ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە پشکی شێری بەرکەوتوە لە زۆری ژمارەی ئەو دامەزراوانە ،بۆیە ئەو توێژینەوەی جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕۆڵی ئەو دامەزراوانە لە بەگەڕخستنی دەرچوانی زانکۆی هەولێری پزیشکی لەشاری هەولێر.

## کێشەی توێژینەوە : کیشەی ئەم تویژینەوەیە خۆی لەو پرسیارە چردەکاتەوە :

ئایە دامەزراوەکانی کەرتی تەندروستی تایبەت ڕۆڵی هەیە لە بەگەڕخستنی دەرچووانی زانکۆی هەولێری پزیشکی؟ ئایە دەرچووانی زانکۆی هەولێری پزیشکی لە ئاستی پێویستی ئەو دامەزراوانەدان لە ڕووی کوالێتیەوە ؟

## ئامانجەکانی توێژینەوە :

- دەرخستنی ڕۆڵی کەرتی تایبەتی تەندروستی لە بەگەڕخستنی دەرامەتی مرۆیی لە شاری هەولێر.
- دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی پێدانی دەرفەتی کارکردن بە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان.
- دەستنیشانکردنی پێگەی دەرچووانی زانکۆی هەولێری پزیشکی لە ناو ئەو دامەزراوانە لە ڕووی کوالیتی و ژمارەوە.

## گریمانەی توێژینەوە

گریمانەی ئەو توێژینەوەیە خۆی لەوە دەبینێتەوە:

- **کەرتی تەندوستی تایبەت پێویستیەکی زۆری هەیە بە کادر و پـزیشـک بۆ پێشەکەشکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان ئەمەش وادەکات کە بازاڕی کار فراوان بکات و خواستێکی زۆری هەبێت لەسەر دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان.**
- **لە ژێر ڕۆشنایی گریمانەی یەکەم دەرچووانی زانکۆی هەولێری پزیشکی بەشێکن لەو کادر و دەستی کارەی کە ئەم دامەزراوەانە بەگەڕیان دەخەن.**

**میتۆدی توێژینەوە**

**توێژینەوەکە شێوازی شیکاری باسکردنەکی دەگرێتەوە بۆ پێوان و دەرخستنی ڕۆڵی کەرتی تەندروستی تایبەت لە پێدانی دەرفەتی کار بە دەرچووانی زانکۆی هەولێری پزیشکی لە ڕێگای راپرسی و بژاردەیی وەرگیراو . بەو پێیەی گونجاو و لەبارە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە و زانیارییەکانی بەکارهاتوو و سروشتییانەوە .**

**سەرچاوەی  زانیاریەکان**

**بۆ گەشتن بە زانیاری و داتای پێویست بۆ توێژینەوەکەمان پشتمان بەستووە بە کتێب و توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرا لەلایەك و لە لایەکیدیکە دابەشکردنی فۆرمی راپرسی  لەناو دامەزراوەکانی کەرتی تەندروستی تایبەت   شاری هەولێر کە ( ٤١) فۆری دابەش دەکرێ بۆ ساڵی ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤**

**مەودای  توێژینەوە**

**جوگرافیای توێژینەوەکە ناو شاری هەولێر ە و وە ماوەکەی ساڵی ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤  .**

# بەشی یەکەم :

# لایەنی تیۆری بازاری کار و بێکاری

## باسی یەکەم : هێزی کار

هێزی کار یاخود هێزی کارکەری کۆمەلگا , ئەوانە دەگرێتەوە کە لە پرۆسەی کارکردن دان یاخود بە دوای هێزی کاردا دەگەرێن کە لە بەرامبەردا برێك پارە وەردەگرن , هێزی کار سەرەتای گەنجی تاکو تەمەنی خانەنشینی دەگرێتەوە , بەلام قوتابیان و خانە نشینان و ژنی مالەوە و بەندکراوان بە هێزی کار هەژمار ناکرێن.( وای باك مشین , ٢٠١٣ )

## manای خستە ڕووی کار


مەبەستمان لێی ژمارەی دەستی کارە کە خۆی دەبینێتەوە لە هێزی پێشاندراویاخود ئامادەیی کار لە ماوەیەکی دیاریکراو کە خۆی دەبینێتەوە لەو بەشەی کە نوێنەرایەتی گشتی دانیشتوان دەکەن , کە تەمەنیان لە نێوان (١٥-٦٥) پێی دەگوترێت تەمەنی دانیشتوانی چالاك یاخود هێزی مرۆیی کە ئەمەنە لە ئەو پەری هێزی و توانا دان لە دوای دورخستەوەی ئەو کەسانە کە خوار تەمەنی ( ١٥ ) سالە , یاخود سەرووی تەمەنی (٦٥ ) سالە هەلناستن بە هیچ چالاکیەکی ئابووری , کە ئە مە پێی دەگوترێت هەرێمی ناچالاك , هەروەها ئەمە ژنانی مالەوەش دەگرێتەوە و قوتابیانیش کە تەمەنیان لە نێوان ( ١٤-١٥ ) سالە , هەروەها قوتابیانی زانکۆ تاوەکو ( ٢٥ ) سالی کە ئەمانەش بە هۆی خوێندنەوە ناتوانن ڕۆلیان هەبی لە چالاکیە ئابووریەکاندا . ( الراوی و عبدالجاسم , ١٩٨٩ , لا٢٢ )

ئەو هۆکارانەی کار دەکاتە سەر خستنە ڕووی کار

١- قە بارەی دانیشتوان : قەبارەی دانیشتوان کار دەکاتە سەر خستنە رووی کار , بە جۆرێك هەرچەندە ڕێژەی دانیشتوان زیاد بکات ئەوا ژمارەی ئەو کەسانەش زیا دەکات کە توانای کارکردنیان هەیە .
٢- کاتژمێرەکانی کارکردن : خستنە ڕووی کار زیاد دەبێت بە زیاد بوونی کاتژمێرەکانی تایبەتی کار .
٣- ڕێژەی تەمەنی کارکردنی دانیشتوان : ( کارکەران , ئەوانەی بەدوای کارکردن دەگەرێن ) ئەم ڕێژەیە کار دەکاتە سەر ناوەندی خستە ڕوو بە گوێرەی تەمەن و نەریت , هەر کاتێك ئەم ڕێژەیە زیادی کرد ئەوا خستنە ڕوو لەسەر کاریش زیاد دەکات و بە پێچەوانەوەش ڕاستە .
٤- ئازادی هەلبژاردنی کار : بارو دۆخ و سروشتی کار , شارەزایی لە کار و پالنەرە کاریگەرەکانی , فێربوون و ئامادەیی کار , دابەشبوونی کار , باری ژیان . ( الراوی و عبدالجاسم , ١٩٨٩ , لا٢٤ )

هاوسەنگی تەواو لە بازاری کار :-

له بازار كاتێك هاوسەنگی دروست دەبێت , ئەو كاتەی چەماوەی خواست لەسەر كار چەماوەی خستنە ڕوو ببڕێت , ئەم خالی یەكتر بڕینە دەبێتە خالی هاوسەنگ , واتا كرێی هاوسەنگ ( WE) و بەگەرخستنی هاوسەنگ ( LE) لەم خالە دیاری دەكات وەك :




لێرەوە دوو گریمانە هەیە :

یەكەم : ئەگەر هاتوو كریێ هاوسەنگ زیاد بوو لە ( WE) ئەوا دەبێتە هۆی زیاد بوونی خستنە ڕووی كەم بوونی خواست , كە ئەمەش دەبێتە هۆی زێدەگی لە دەستی كار , واتا ڕوودانی بێكاری , ئەم بێكاریەش وا لە كرێكار دەكات (بێكاران ) بە كرێی كەم رازی ببن و كار بكەن , بۆیە دەبینین نرخ ( كرێ ) بۆ ئاستی جاران (WE) بگەرێتەوە .

دووەم : ئەگەر هاتوو كرێ كەمتر بوو لە شاستی (WE) ئەوا دەبێتە هۆی كورت هێنان لە بازاری كار , واتا بڕی خواست گەورەتر دەبێت لە بری خستنە روو , ئەمەش وا لە خاوەن كار و كۆمپانیاكان دەكات كرێی زیاتر بدەن , كە دەبێتە هۆی ئەوەی كریێ بگەرێتەوە بۆ ئاستی جاران ( WE) . ( سماقەیی , ٢٠١١, لا ٢٠٣-٢٠٤)

**باسی دووەم : -**

**خواست و خستنەڕووی کار :**

**پێش دیاریکردنی واتای خواستی کار دەبێت بابەتێکی گرینگتر بخرێتە روو کە پەیوەستە بە خواستی کار ئەویش ( خواستی کار لە بیردۆزی ئابووری , وەسف دەکرێت بەوەی , خواستێکی داتاشراوە لە خواستی کەل و پەل و خزمەتگوزاری ) بە گرنگی ئەم تایبەتمەندیەی خواستی کار دەتوانرێت کۆمەلێك دیاردەی تر ڕوون بکرێتەوە کە پەیوەندیان هەیە بە خواستی کارو کارکەر بۆ خواستی کار .**

**خواستی کار داتاشراوەو لە خواستە سەرەکیەکان نیە , چونکە خواستی کار لەلایەن بەرهەمهێنەرەوە دروست دەبێت بە بوونی خواست لەسەر بەرهەمەکانیان چونکە بەکربەبەر کەل و پەل و خزمەتگوزرای دەکرێت بە مەبەستی بەکارهێنانیان و پڕ کردنەوەی پێداویستیەکانیان , کەوابوو خواستی بەکاربەر بۆ کەل و پەل و خزمەتگوزاری خواستێکی سەرەکیە نەوەك داتاشراو بەلاّم هەولی بەرهەم هێنان بۆ فەراهەمکردنی کار بە امانجی تێر کردنی پێداویستیەکانی بەکار نییە , بۆیە دەوترێت خواستی بەرهەم هێنان بۆ کار خواستێکی داتاشراوە لە خواستی بەکاربەر .**

**لە یەکێك لە لێکۆلینەوەکان ئاماژە بەوە دەکات کە خواستی کار واتا ( کۆمەلێك هەلی کاری ئامادەیە لە هەموو ڕوەکانی چالاکی ئابووری ولاّت ) ئەم هەلی کارانەش دەکرێتە دوو بەش :**

**١- ئەو هەلی کارانەی کە تێر کراون بە کردار , ئەو هەلی کارانە دەگرێتەوە کە پرکراوەتەوە یان بلێن هێزی کار کاری تێدا دەکات .**


**٢- هەلی کاری تێر نەکراو : ئەو هەلی کارانە دەگرێتەوە کە کارکەر ئیشی تێدا ناکات یاخود کارکەرەکە لەسەر کار نەماوە لەبەر هەر هۆکارێك بێت . ( العلی , ١٩٩٠ . لا ٢٥-٥٢)**

### ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەر خواستی کار :

**خواستی کارکردن کاریگەری لەسەر دروست دەبێت بە چەندین پالنەری جیاواز , کە زۆربەیان پالنەری ئابوورین , بیردۆزی ئابووری چەندین چارەسەری جیاوازی بۆ داناوە , کە چارەسەرەکانیش ئەمانەن :-**

**١- ئاستی کرێیەکان :**

**ئاستی کرشیچیەکان بە یەکێك لە کاریگەرترین پالنەرەکان دادەندرێت لەسەر خواستی کار , لە هەمووو بارو دۆخەکان خواستی کار زیاد دەبێت لەسەر کار بە هەلسان و دابەزینی ئاست و ناوەندی کرێیەکان لە بازارەکانی کار , لە راستیدا کرێ نرخی خزمەتگوزاری کارە بە رەچاو کردنی لۆژیکی بیردۆزی ئابووری . خواست لەسەر کار ڕوو لە زیاد بوون دەکات بە هاتنە خوارەوەی نرخەکان و کەمدەبێتەوە بە بەرز بوونەوەی کرێیەکان . ( الوازی , ٢٠١٧ , لا ٦)**




لەم وێنەیەی سەرەوەدا ڕوون کراوەتەوە دەردەکەوێت بە بەرزبوونەوەی ناوەندی کرێیەکان لە (ج ) بۆ (ج) قەبارەی کارکردن لە گەڵیدا دەدەبەزێت لە (ل) بۆ (ل) ئاماژە کراوە بۆ بوونی هەموو پەیوەندی پێچەوانە لە نێوان چەندایەتی خواست لەسەر کار و ناوەندی کرێ , بە سروشتی خۆی بە گۆرانکاری لە نرخی کرێ خواستی کار زیاد و کەم دەبێت .

## ٢- قەبارەی دانیشتوان :

قەبارەی دانیشتوان کاریگەری دروست دەکات لەسەر بازاری کار , لە پالنەرە دیمۆگرافیەکان دادەندرێت کە پاشماوەی زۆری ئابووری قول بەجێ دێلێت لەسەر خواستی کار , لە هەمان کاتدا ڕۆلی هەیە لەسەر لایەنی خواستی کار لە بازاری کاردا , بۆیە بیردۆزی ئابووری ئەم ڕۆلەی پشت گوێ نەخستوە بە جۆرێك ریکاردۆ ئاماژەی کردووە بە بوونی پەیوەندی لە نێوان خواستی کار و قەبارەی دانیشتوان لە میانەی بیردۆزەکەی کە بە بیردۆزی کرێ ناسراوە , ریکاردۆ بڕوای وابوو. کە خواستی کار چەندایەتی کاری پیشاندراو دیاری دەکات ,هەروەها ئاماژە دەکات بە هەموو زیادەیەك لە قازانج کە دەبێتە هۆکاری زیادبوونی سەرمایە , ئەوەش بەسروشتی خۆی ڕێژەی دانیشتوان زیاد دەکات هەروەها بڕواشی بە بوونی پەیوەندی پێچەوانە بوو لە نێوان کرێ و نرخ . کاتێك کەمی قازانج نابێتە هۆی هاندانی وەبەرهێنان دواتریش نزمبوونەوەی خواستی کار ڕوودەدات , هەروەها ریکاردۆ بەکورتکراوەیی دەڵێت (بەنەبوونی زیادە لە کرێیەکان لە نرخی سروشتی کار) مەبەستی ڕێکاردۆ ئەمەیە (ئەو نرخەی کە کرێکار پێی دەژی بۆ پێداویستیەکانی ژیانی ) ,هەرچی بیردۆزی ئابووری نوێیە ئاماژە دەکات بۆ گرینگی دانیشتوان لەسەر زیادبوونی خواستی کار, کە لە تایبەتمەندی خواستی کارە (خواستێکی دارتاشراوە لەسەر کەلوپەلو خزمەتگوزاری ) زیابوونی دانیشتووان واتا زیابوونی قەبارەی خواستی چالاکی گشتیە بەواتای زیابوونی قەبارەی دانیشتوان زیادبوونی خواستی کار و خزمەتگوزاریەکانە ( الوازی , ٢٠١٧ , لا ٢٥) .

## ٣- خستنەروو خواست دروست دەکات :

یاسای سای بۆ بازار رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە ئابووری بیری کلاسیکی , بەجۆرێك ئامرازێکی شیکەرەوەیە بەکاردێت بۆ شیکردنەوەی زۆرێك لە پەیوەندی و دیاردە ئابووریەکان , بەجۆرێك یاسای سای ئاماژە دەکات بۆ ( خستنەرووی کار لەسەر

دروست دەكات ) یاسای سای دەبینێت بازار نەچەسپاووە بەڵكو دەگۆڕێت و فراوان دەبێت , هەچەندە دانیشتوان زیادببێت كاریگەری زیاتر دروست دەبێت بۆ پڕكردنەوەی پێداویستیەكانی زیادەی دانیشتوان . یاسای سای دەڵێت مادام سیستەمی ئابووری وەستاوە لەسەر گۆڕانكاری , دەبێت جولانەوەیەك بۆ بەدەستهێنانی بەكارهێنانی تەواو , چونكە سیستەمی ئابووری بەگوێرەی بیردۆزی كلاسیكی روو لە بەردەوامی دەكات بەرەو هاوسەنگی , واتا : سیستەمی ئابووری لەخۆیەوە بەشێوەیەكی بەردەوام پڕۆژەكان پارەدار دەكات بەڵام بێكاری كرێیەكان دادەبەزێنێت لەوەی كە كارپێكردن و قازانج بەرزیان دەكاتەوە , بەسروشتی خۆی بیری نوێی ئابووری بیری یەكسانی نێوان خواست و خستنەروو روون دەكاتەوە دڵنیایان دەكاتەوە لەسەر بوونی بێكاری هەرچەندە لەكاتی بەكارهێنانی تەواویش دابێت .

٤- بیری ئیشتراكی :

بیری ئیشتراكی وای دەبینێت كە خواست لەسەر كار دیاری دەكرێت لە وڵاتانی ئیشتراكی تەنها بە پێشاندانی نەوەك بەشێوەی (ویستەكی ) چونكە سییتەمی ئیشتراكی بازاڕی كاری تێدا بەدیناكرێت بەڵكو لەرێگەی پلانی سەنتەری وەبەرهێنانی ووزە و دەستكەوتە ئابووریەكان كار دەكات , بەوەی لەلای مرۆڤەوەیە لە پێشی هەموو شتێك هێزی كاری لە پێناو تێركردنی پێداویستیەكانی كۆمەڵگا و بەدەستهێنانی ئاسوودەیی ئابووری بۆ كۆمەڵگا بەمەش بەكارهێنانی تەواو و نموونەیی دێتە جێ لەسەر بنەڕەتی (ویستەكی) پلان بۆ دارێژراو نەوەك هاوسەنگی كە دارێژراوە لەسەر یاسای سای بۆ بازار .( الوازی , ٢٠١٧ , لا ٢٥)

٥- **خواست لەسەر كار دیاری دەكرێت بە ئەندازەی كرێی دیاری كراو :**

جۆن ستیوارت مل بڕوای وایە كە خواست لەسەر كار پشت دەبەستێت لەسەر ئەندازەی كرێی دیاریكراو لەسەرمایەیی گشتی و دەناسرێت بە ئابووری كلاسیكی بەبیردۆزی كرێی تایبەت كراو كورتەی ئەم بیردۆزە ئەگەر ناوەندی كرێ بەهەموو جۆرێك چەسپا ئەوا مەرجی كارپێكردن پشت دەبەستێت لەسەر ئەندازەی تایبەت كراو بۆ پلانی كرێكان لەو سەرمایەیی كە تایبەت كراوە بۆ وەبەرهێنان هەروەها جۆن ستیوارت روونی دەكاتەوە كە كرێی تاك كەم دەبێتەوە هەركاتێك ژمارەی كرێكاران زیاد بكات چونكە هەموویان كرێكانیان وەردەگرن لە هەمان بەشی دیاریكراو.( الوازی , ٢٠١٧ , لا ٢٦)

٦- **خواست لەسەر كار دیاریدەكرێت بە خواستی گشتی :**

هەرچی كنزە بیردۆزی سای ڕەتدەكاتەوە لە دروستكردنی خواستی كار لە ڕێگەی پشاندان یان هاوسەنگی ویستەكی , كاری لەسەر یاسای سای كردووە لە سەرەتا تا كۆتایی كاتێك روونی دەكاتەوە كە خواست خستنە ڕوو دروست دەكات , خواستی گشتی خواست لەسەر كار دروست دەكات و قەبارەكەی دیاری دەكات , هەروەها ئاماژە بەوە دەكات دەبێت بەرهەم هێنەران دەستكەوتی وا بەدەست بهێنن كە بتوانن زیاتر بیخەنە كاركردن بۆ دەستەوتی زیادە ئیشپێكردنی بەیەكەوە بەستۆتەوە . (( الوازی , ٢٠١٧ , لا ٢٦)

٧- **خواست لەسەر كار دیاریدەكرێت بە گوێرەی بەرەهەمی سنورەكی كار :**

ئەم بیردۆزە لە بەناوبانگترین بیردۆزە سەردەمیەکانە کە باس لە چۆنیەتی دیاریکردنی کرێیەکان دەکات , کۆمەڵێك لە ئابووریناسانی سەردەم وەك ( مارشال , میکۆ , هیکس ,...........هتد ) ئەم باسەیان وروژاندووە , زاراوەی ( بەرهەمی سنورەکی ) دەگەرێتەوە بۆ ئابووری ناس ڕیکاردۆ و هیکس ئەگەرچی بەکارهیچنانی هەموو زەوی گرتەوە . زاراوەکە بەرجەستەیە بە بیردۆزی ریکاردۆ ناسراوە , بەلأم ئەم بیردۆزەش نەبووە جێگای ڕەزامەندی ئابووری ناسان وای لیهات لە چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدەم تەنها کۆمەلێك لە ئابووری ناسەکان بەکاریان هێنا وەك ( کلارك و لاس ) لە ئابووری ناسانی نویش وەك ( مارشال و هیکس ) بوونە هۆی بلاو بوونەوەی بیردۆزەکە .( الوازی , ٢٠١٧ , لا ٢٧)

٨- کاریگەری داهاتی تاك لەسەر خواستی کار :

داهاتی تاك ڕۆلێکی گرنگی هەیە لەسەر دیاریکردنی خواستی کار , ئەگەر لە ڕێگەی هەژماری نیشتیمانی سەیری داهاتی تاك بکەین بریتیە لە کۆمەلێك خەرجی ( بەفیرۆدان + وەبەرهێنان ) ئەوکات کاریگەری داهاتی تاك بەدیار دەکەوێت لەسەر خواستی کار , چونکە زیادە خورج کردن واتا خواستی زیادە لەسەر کەل و پەل و خزمەتگوزاری , هەتاوەکو خواستی کار داتاشراو بێت لەسەر خواستی کەل و پەل و خزمەتگوزاری چونکە ئەمە واتا زیادە لە بەرهەمهێنەران لە خواستی بەرهەمەکانیان , لەلایەکی تریش زیادەی خەرجی وەبەرهێنان واتا زیادەی خواست لەسەر بەرهەم وکار .( الوازی , ٢٠١٧ , لا ٢٨)

٩- کاریگەری ئاستی گشتی کرێیەکان لەسەر کار :

پالنەری نرخەکان پەیوەندە دارە بە پالنەری کاریگەری داهات چونکە ئەم پالنەرەش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر خواستی کار , کە ئەمەش دوو لایەنی پێچەوانە کار دەکات ئەمە لە لایەك , لە لایەکی تریش پاڵنەری بەلاچم کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئاستی داهاتی تاك , کە ئاستی گشتی نرخەکان دیاری دەکات .

بـــــازاری کـــــــــــار :

**لە کارمەندان و بێ کاران پێك هاتوە , لایەنێك لە بازاری کاردا خواست دەکاتە سەر کار و لایەنێکیش خستنە ڕووی کار دەکات .** ( چۆمانی , ٢٠١٨)

هەروەها پرۆفیسۆر دکتۆر هۆشیار معروف بەم جۆرە وەسفی بازاری کاری کردووە :

بازاری کار بازارێکە شوێنێکی دیاریکراو نییە بەلکو هەر جێگاو ڕێگایەك خاوەنکار خواست بکاتە سەر هێزی کاری چالاك و کارمەند خستنەڕووی کاری تێدا ئەنجام بدات . ( نجمەدین , ٢٠١٦ , لا١٢٣)

**خواست** : بریتیە لەو ئارەزوو توانستەی بۆ بەدەست هێنانی بڕێکی دیاریکراو لە شمەك و خزمەتگوزاریەکا بە نرخێکی دیاریکراو لە ماوەیەکی دیاریکراو .( خطاب , حیدر , محمد , ٢٠١٠, لا٥٢)

هەروەها دکتۆر ئەیوب ئەنوەر سماقەیی بەم جۆرە پێناسەی خواست دەکات کە خواست : بریتیە لە نەخشەیەك بە بری کالاّکە کە لە وانەیە کڕیارەکان ئامادە باشیان هەبێت بۆ کرینی بە نرخێکی دیاریکراو . ( سماقەیی , ٢٠١٤, لا٢٥ )

**خستنەڕووی کار** : مانای ژمارەکانی دەستی کرێکارە بە خستنە رووی توانای کاریگەریان و ئامادەییان بۆ کارکردن لە ماوەیەکی دیاریکراو نوێنەرایەتی بەشێکی دانیشتوان دەکات لە کۆی هەموویان ( الراوی , ١٩٧٩, لا٢٢)

**خستنەروو** : خستنەڕووی هەر کالایەك بریتیە لەو بڕەی کە بەرهەمهێنەرەکان یان فرۆشیارەکان ئامادەن بیفرۆشن لە بازار بە نرخێکی دیاریکراو , بە گریمانەی مانەوەی شتەکانی تر بە نەگۆری .

**کار** : یەکێکە لە هۆکارە سەرەکی و گرنگەکانی بەرهەم هێنان , وەك ئادەم سمپ دەلێت سامانی جیهان بە گشتی لە ڕاستیدا کار کار بەدەست هاتووە هەموو پێداویستیە گرینگەکانی ژیانی میللەتن و خۆشگوزەرانیان لە ئەنجامی دەستی کاری تاکەکان ئەو میللەتەوە هاتووە , هەروەها دایڤید هیوّم دەلێت : هەموو شتێك لە جیهان بە هۆی کارەوە بەدەست دێت .( سماقەیی , ٢٠١٦ , لا ٧٣)

**خستنە ڕوو** : لایەنی دووەمە لە بازار , ئەم ڕۆلە بەرهەم هێن پێی هەلدەستێت بۆ بەرهەم هێنان و فرۆشتنی شمەك و خزمەتگوزاریە جۆر بە جۆرەکان .

**کار** : بریتیە لە چالاکی هۆشیارانەوە ئەمانجدار مرۆڤ ئەنجامی دەدات لە پێناو بەرهەمهێنانی شەمەك و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەشێت ئەو چلاکییە بیری بێت یان هێزی بازوو بێت کە بە هۆیەوە مرۆڤ کار لە سروشت دەکات و دەیگۆڕێت و دەیگونجێنێت بەو جۆرەی پێداویستیەکانی تێر بکات . ( جعفر و ئەوانی تر , ٢٠١٨ , لا١٥ )

**خستنەڕوو** : لایەنی خستنەرووی بازار بە واتای ئەوەی کە هەندێك کەل و پەل و خزمەتگوزاری کە بازرگانان ئارەزووی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی دەکەن بە نرخی جیاواز ئەمەش دەگەرێتەوە سەر هێز و توانای بازرگانەکان لە بەرهەمهێنان و خستنە بازاری ئەم کەل و پەل و خزمەتگوزاریانە .

**کـــار**: کار ئەو ڕەنجە ئیداریەی بازوو یان بیرە کە مرۆڤ لە بەرامبەرکریٚ یان مووچەیەکی دیاریکراودا دەیدات . ( حسین , ٢٠١٥,لا١٠٥)

**باسی سێیەم:بیکاری و هۆکارەکانی :**

بێکار : ئەو کەسەیە کە تەمەنی ١٦- ٦٥ دابێت و مەدەنی بێت،لەبازاڕدا بەدوای کاردا بگەڕێت بەلاٌم دەستی نەکەوێت. . (معروف و ئەوانی تر, ٢٠١٦ , لا ١٣١ )

**چەمکی بێکاری**

کێشەی بێکاری بە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی خاوەن سیفەتێکی جیهانی دادەنرێت

، چیئەوکۆمەڵگایەپێشکەوتووبێیاندواکەوتووبێ،وردترینپێناسەیبێکاری :

ئەودەستیکارەیەکەتوانایکارکردنیانهەیە،ئامادەیکارکردنیشیانهەیەبەلاٌمناتواننکاریگونجاوبدۆزنەوە.

ئابووری ناسان پێیان وایە بێ کاران ئەو کەسانەن کە ئارەزووی کار کردنیان هەیە و نا توانن دەرفەتێکی گونجاوی کار کردن بدۆزنەوە کە لەگەڵ سروشتی کارامەی زانستی شارەزای زانستیانەدا بگونجێن.(عبدالرحمان،٢٠١٤،١٢٧)

**جۆرەکانی بێکاری**

**١- بێکاری شاراوە :**

لە ناوەکەیدا دیارە کە جیاوازی هەیە لەگەڵ بێکاریەکانی تر،لەبەر ئەوەی دیار نیە و شاراوەیە. چوونکە جۆرەکانی تری بێکاری شاراوە نین و دەتوانین هەژماری بکەین بە ژمارەیەکی گونجاو بەرێژەی سەدی دای بنێین،ئەو بێ کاریەش وا پێناسە دەکرێت کە هێزی کار زیاترە لە ئاستی بەرهەمهێنان دیاریش دەبێت کە هێزی کار بەشدارە لەبەرهەم هێنان لە ڕاستیدا بەشداری لەبەرهەمهێنان یەکسانە بە سفرِ ئەم بێ کاریەش ڕێژەی زۆرە لە کەرتی کشتووکاڵ لە ولاٌتە دواکەوتووەکان ،واشنیشاندەدرێئەمبێکاریەزۆربەربلاٌوەورێژەکەیزۆرزۆرە.(االاقتصاد العمل ,١٩٩٠ , لا ٢٣٤)

**٢- بێکاری وەرزی :**

هەندێك وزەی ئابووری دەردەکەویٚ یان پەرە دەسێنێت بەشێوەی وەرزی وەکو کشتوکاڵ وە هەندێك لەو جۆرە بەرهەمە کە بەکاردەهێنرێت لە وەرزێك لە وەرزەکانی ساڵ هاوین یاخود زستان بۆیە لەو وەرزەی کە پەیدا دەبێت داواکاری لەسەر زۆرە و گەشە دەسێنێت ئەو هۆکارەش کەوا دەکات قەبارەی داواکاری لەسەر هێزی کاری بەکارهاتوو زۆر بێت لەو کارانە هەندێك جاریش پاش

کۆتایی هاتنی وەرزی بەرهەمهێنان لێرەدا بێکاری وەرزی بەدەردەکەوێت لەبەر ئەوەی کرێکاران لەوەرزەکانی تردا تووشی بێکاری دەکات،دەتوانین لەوجۆرە بێکاریە دەریان بێنین یان ڕاهێنان لە کاتێکی تر کە دەتوانن بیکەن لەکاتی کۆتایی هاتنی وەرزی بەرهەم هێنان کەوا کاریان تێدا دەکرد.(الوزنی،١٩٦،٢٠٠٧ز)

٣- بێکاری بەریەککەوتە :

بە بێکاری خۆبەخش دادنرێت کاتێکی زۆر ناخایەنێت،یان بریتیە لە نەگونجانی ئارەزووی کارمەندان لەگەڵ دەرفەتی کارەکە،کارمەندەکە دەشێت بەتوانا بێت بەڵام قبووڵی ئاستی کرێیەکەی و جۆرەکەی ناکات. هۆی سەرەکی ئەم جۆرە بێکاریە،بریتیە لەو ترس و دڵەڕاوکێیەی لەنێوان خاوەن کاری کارمەنددا ڕوو دەدەات، ڕێکدەکەوێت خاوەن کار پێویستی بە ماوەیەك بێت تا بڕیار لەسەر وەرگرتنی کارمەندەکە بدات،خاوەنکار ناتوانێت یەکسەر بەو کرێیەی کارمەندەکە دەیەوێت دایبمەزرێنێت،کارمەندیش چاوەڕێ دەکات تا کارێکی نزیك لە تواناو ئارەزوەکانی بدۆزێتەوە،ئەم ململانێیە شاراوەیە جۆرێك لە بێکاری درووست دەکات کە بەبێکاری بەریەك کەوتە ناسراوە واتا بەریەککەوتنی دوو بەرژەوەندی و دوو ئارەزووی جیاواز. (معروف وئەوانی تر،١٣٧،٢٠١٦ز)

٤- بێکاری وەرزی :

ئەم بێکاریە کە دەرئەنجامی کورتهێنانی خواست لەسەر بەرهەمهێنان پەیدا دەبێت کە لێوەی پوکانەوەی فرۆشتنی بەرهەمەکان بەنرخ و کرێ بەوە دەکەوێتەوە،لێرەدا دەستبەرداری ژمارەیەکی زۆری هێزی کاری کارگەکان دەبن کە خواست لەسەر بەرهەمەکانیان نامێنێت،بەوەش کرێکاران ناچار دەبن بەدوای دەرفەتێکی نوێی کاردا بگەڕێن. (عبدالرحمان،١٤١،٢٠١٤ز)

٥- بێکاری ناچاری :

دەتوانین وا پێناسەی بکەین کەوا هێزی کارکردن هەیە و مووچەشی بۆ داندراوە بەڵام کارەکە خۆی نیە بۆیە بە خراپترین جۆری بێکاری دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرەش دەبێت دەسەڵات (حکومەت)دەستکاری بکات لە ڕێگەی پلان و سیاسەتی گونجاو،ئەم جۆرە بێکاریە نیشانەیە بۆ بوونی نادادوەری لە ئابووری نەتەوەیی بۆیە دەبێت چارەسەر بکرێت. (الوادی،٢٠٠٧،١٦٤ز)

٦- بێکاری هونەری :

ئەوم جۆرە بێکاریە لە ئەنجامی وازهێنانی هەندێك لە کرێکارەوە درووست دەبێت بۆ ئەوەی بچن کارێکی تر یان لە ناوچەیەکی تر یان پیشەیەکی تر بکەن،ئەم جۆرە لە ماوەی ئەو گواستنەوەدا ئەوان بێکار دەبن،هۆکاری وازهێنانیان بۆ گەڕان بەدوای کرێ و هەلومەرجێکی باشتر دەگەڕێتەوە،نموونەی ئەم جۆرە بێکاریە کارگەیەك دەستبەرداری هەندێك لە کرێکارەکانی دەبێت بەهۆی هەموارکردنی مەکینەکان یان شێوازەکانی بەرهەمهێنانی دەگۆڕێت،لە هەندێك کاتی تردا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا نابێتە هۆی

دەستبەردار بوون لە کرێکاران بەڵکو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی نوێ لە هەندێك پیشەسازیدا خواست لەسەر بەرهەمەکانیان زیاد دەکات بەوەش بە تێپەڕبوونی کات ناچار دەبێت هێزی کاری زیاتر داوا بکات،نموونە لەسەر ئەم حاڵەتە ئەو پیشەسازیانەی پێویستی بە هێزی کاری هونەریە لە پیشەسازیەکانی ئۆتۆمبێل و رستندا. (عبدالرحمان،١٣٢،٢٠١٤ز).

٧- بێکاری پەیکەری :

ئەم بێکاریە درووست دەبێت بەهۆی گۆڕانکاری پەیکەری کە ڕوو دەدات لە ئابووری نەتەوەیی وە گۆڕانی ئابووری کشتوکاڵی بۆ ئابووری پیشەسازی وە گۆڕانکاری هێزی کار لە کشتوکاڵی بۆ پیشەسازی هەندێك کاری پیشەسازی دەوێت لەبەر ئەوەی دەبێت ئاستێکی باش فێربێت لە هەرچ بوارێك بێت لەوانەشە ئەم بێکاریە دروست بێت کە گواستنەوە ڕووبدات لە کارێکی ئاسایی بۆ کارێکی گرینگتر ئەگەر بێکاری لێك خشاو بێکاریەکی کاتی درووست بکات وە ئەم جۆرە بێکاریە کاتی زیاتری دەوێت. (الوادی،٢٠٠٧،١٦٤ز)

## هۆکارەکانی بێکاری

### یەکەم/هۆکارە ناوەخۆکان

١- بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەکردنی دانیشتوان بە تایبەت لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو.

٢- زیادبوونی دەرچوان لەبواری خوێندن لەسەرجەم پسپۆڕایەتیە زانستیەکان.

٣- لێشاوی هاتنی کرێکارانی دەرەکی جا کرێکارانی هاتوو بێت یاخود کرێکارانی کۆچبەر یاخود ئەو کرێکارانەی کە لەناوخۆدا کۆچ دەکەن لە ئاکامی هۆکاری(ئابووری،سیاسی،کۆمەڵایەتی.......هتد)

٤- بێ توانایی ئابووری ناوخۆ لە پێکهێنانی کەڵەکەبوونی سەرمایەی پێویست بۆ بەگەڕخستنی سەرمایە گوزاری لە پرۆژا ئابووریە جۆراوجۆرەکانی ناوخۆدا لەسەرجەم بوارەکانی (بنادنان و فراوانکردن و پێشخستن ) (محمد،٢٠٠٨،٩٩ز)

### دووەم/هۆکارە دەرەکیەکان

١- بارودۆخی ئابووری جیهانی کە دووچاری بارگۆڕانی ئابووری ناوبەناو دەبێت بەتایبەت بێ بزووتی ئابووری،بەتایبەت ئابووری وڵاتانی پێشکەوتوو کە ڕۆڵ و کاریگەریەتی گەورەی لەسەر ئابووری وڵاتانی تر هەیە.

٢- کاریگەری ڕووداو و کارەساتە جیهانیەکان کە لەسەرجەم ئابووریە جور بەجۆرەکان ڕوو دەدات و دەبێتە هۆی تەنگژەی ئابووری جیهانی و کار لە زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و سەرچاوەکانی دیکەی وزە دەکات ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێچوونی بەرهەم و کەمبوونەوەی بەکارهێنانیان. (محمد،٢٠٠٨،١٠٠ز)

## شوێنەوارەکانی (ئاسەوارەکان) بێکاری

زۆرینەی ئابووریناسان  لەکاتی لێکۆڵینەوەی بێکاری جەخت لەسەر شوێنەوارە ئابووریەکان دەکەنەوە گەرچی شوێنەواری بێکاری ڕەهەندە ئابووریەکان تێدەپەڕێنێت،لایەنە کۆمەڵایەتی و دەروونیش دەگرێتەوە.

## یەکەم / شوێنەوارە ئابووریەکان:

کار لە ڕەگەزێکی بەرهەمهێنانەو هەر کەموو کورتیەك لەم ڕەگەزە ڕوودات واتا لەدەستدانی بەرهەمهێنانە لە کۆمەڵگا چوونکە بەژداری لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا ناکات لە لایەکی ترەوە کرێکاری دەست بەتاڵ توانای بەدەستهێنانی داهاتێکی نیە واتا توانای بۆ کڕین کەمە یان هەر نیەو ئەمەش کاریگەری لەسەر قەبارەی خەرجی گشتی هەیە،ئەمەش وا دەکات ئاستی داواکاری گشتی دادەبەزێنێت.کەمبوونەوەی داواکاری گشتی کاریگەری خراپی لەسەر داکشانەوەی یان بێ بزووتی ئابووری نیشتیمانی هەیە چونکە داواکاری پاڵنەری بەرهەمهێنانە کەمبوونەوەی خواست و داواکاری بەرهەمهێنانیش کەم دەکاتەوە کە لەکۆتایدا بێکاریەکە ئاڵۆزتر و فراوانتر دەکات بەم شێوەیە شوێنەوارەکانی ئابووری لەسەر بێکاری ڕاستەوخۆ سلبیە چونکە دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی داهاتەکانیان یاخود دەکاتە سەر سفر لەم حاڵەتەشدا بێکارەکان پەنا بۆ خەرجکردنی ئەو پارەیە دەبەن کە پێشتر پاشەکەوتیان کردووە نزمبوونەوەی داهاتی تاکەکەسی یاخود نەبوونی داهات دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی خەرجیەکان لە ئەنجامدا کار دەکاتە سەر تەندرووستی تاکەکان وە ڕێژەی بەرهەمهێنانیان کەم دەبێتەوە.

شوێنەوارە ئابووریەکانی بێکاری تەنیا کار ناکاتە سەر بێکارەکە بەڵکو کار دەکاتە سەر ئابووری وڵاتیش لە کاتی بێ بزاوتی ئابووری وەتا بوونی بێکاری و سست بوونی جموجۆڵ و چالاکیەکانی بەرهەمهێنان و کڕین و فرۆشتن تا ئەو حاڵەتەی تێیدا ئاستی سەرمایەگوزاری نزم دەبێتەوە کە بزوێنەری سەرەکی چاڵاکی ئابووری دادەنرێت لێرەدا دەگرێت شوێنەوارە خراپەکانی بێکاری کۆبکەینەوە کە لە دەرئەنجامدا تێکڕای گەشەکردنی سەرجەم بەرهەمی ناوخۆیی و پەرەپێدانی ئابووری نزم دەبێتەوە. (محمد،٢٠٠٨،١٠٥ز)

## دووەم / شوێنەوارە کۆمەڵایەتیەکان و دەروونیەکان

بێکاری کاریگەری خراپی لەسەر باری دەروونی و کۆمەڵایەتی تاکەکانی بێکار دەکات هەست کردن بە داڕمان و باوەڕ بەخۆ نەبوون و بگرە ئینتیمابوو بۆ ژیان لاواز دەکات،ئەم هەستە زیاتر دەبێت تاوەکو مەودای بێکاریەکە زیاتر بێت.ئەم هەستە سێ کاریگەریستی

لەسەر کۆمەڵگای بێکار کاریگەریەکەی کاولکارە،بەتایبەت مەسەلەی ئینتیماکە هۆکارێکی بنەڕەتی لەسەر پرۆسەی پەرەپێدانی سەرتاپاگیر هەیە کەسایەتی بێکارەکە هەست بەوە دەکات مافی خۆیەتی لە بەدەستهێنانی کارو فرسەتی باشتر زۆر زەحمەتە ڕەزامەندی لەسەر هاوکاری و هەماهەنگی لە پرۆگرامی پەرەپێدان لەناوەخۆی وڵاتدا زۆر جاریش شوێنەوارە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی بێکاری دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی تاوان و هەڵوەشانەوەی خێزان دەکرێت شوێنەوارە کۆمەڵایەتیەکان لەم خاڵانەدا پوخت بکەینەوە:-

١- هەستکردن بەداڕمان و بۆشایی و بێزاری دەبێتە هۆی لادانی ڕەوشتی تاکەکان لەناو خێزان و کۆمەڵگا.

٢- هەستکردن بەخۆونکردن دەبێتە هۆی دزی و تاوان و هەڵوەشانەوەی خێزان.

٣- دڵەڕاوکێ و نائارامی لەناو کۆمەڵگادا بەهۆی بڵاوبوونەوەی دیاردەی تاوان.

٤- پشێوی بارودۆخەکە کەجێگیرنەبوونی ڕامیاری دەوڵەت و ئەگەری گۆڕانی حکومەتەکانی بەدوایدا بێت. (محمد،٢٠٠٨،١٠٧ز)

## سیاسەتەکانی چارەسەرکردنی بێکاری

١- پەیڕەوکردنی شێوازی درووستی پلانی هێزی کار لە وڵات.

٢- دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گشتگیر و خستنەگەڕی هەموو وزە فەراهەمبووەکان.

٣- دەبێت زیادبوونی تێکڕای گەشەی ئابووری کەرتەکان یان چالاکیە ئابووریەکان لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان زیاتر بێت.

٤- بەکارهێنانی پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجیەکان و دەستکەوتەکانی زانست لە چالاکیە ئابووریەکاندا.

٥- زیادکردنی وەبەرهێنانی حکومی لە کەرتە هەمەجۆرەکاندا کە بوار بۆ بێکاران دەڕەخسێنێت.

٦- سنووردار کردنی هاوردنی هێزی کاری بیانی بەچاودێری کردنی سنوورەکان و پشکنینی بەردەوامی دامەزراوە تایبەتەکان.

٧- کەمکردنەوەی سەعاتی کاری یەك وەجبەی کارکردن. (عبدالرحمان،٢٠١٤،١٣٤ز)

**بەشی دووەم : لایەنی پراکتیکی** :ئەم باسە پێکدێت لەلایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە بۆقوتابیانی دەرچووی دانەمەزراوی زانکۆی پزیشکی هەولێ{ –هەولێر بەرێگای شیکردنەوەی هۆکاری (Factor Analysis) کەپرسیارەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەسەر چەند قوتابیەکی زانکۆی هەولێری پزیشکی – دابەشکراوە .

سەبارەت بە ڕەگەزی ئەو خاوەن بڕوانامانەی کە لە کەرتی تایبەت کاردەکەن و بەشدارن لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە خشتەی ژمارە ١ ڕوونکراوەتەوە کە ٪٧٥,٦٠ لە ڕەگەزی نێرن کە ڕێژەیەکی زۆرە بە بەراورد بە ڕێژەی ڕەگەزی مێ کە بریتیە لە ٪٢٤,٣٩ .

## خشتەی (١) یەکەم

دابەشکردنی ڕێژەیی بەر توێژەکان (سامپلی توێژینەوە ) بە پێی ڕەگەز :

| ڕێژە | ژمارە | ڕەگەز |
|---|---|---|
| ٧٥,٦٠ | ٣١ | نێر |
| ٢٤,٣٩ | ١٠ | مێ |
| ٩٩,٩٩ | ٤١ | سەرجەم |

سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.

## خشتەی دووەم (تەمەن )

بەڵام دەربارەی تەمەنی ئەو خاوەن بڕوانامانەی کە بەشدارن لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە و پزیشکن لە کەرتی تایبەت ئەوا لە خشتەی ژمارە ٢ دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژە بریتیە لە ٪٥١,٢١ ئەوانیش ئەو کەسانەن کە ئاستی تەمەنیان لە نێوان ( ٢٠ - بۆ ٢٥ ) ساڵدایە و دواتریش ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان ( ٢٦ -٣٠ ) ساڵدایە ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو کەرتە تایبەتانە زیاتر پشت بە توانای گەنجان دەبەستن بە شێوەیەك ڕێژەی ٪٩,٧٥ ئەو کەسانەن کە تەمەنیان لەسەرووی ٣٦ ساڵ بەسەرەوەیە .

دابەشکردنی ڕێژەیی بەر توێژەکان (سامپلی توێژینەوە ) بە پێی تەمەن :-

| ڕێژە | ژمارە | ئاستی تەمەن |
|---|---|---|
| ٥١,٢١ | ٢١ | ٢٠- ٢٥ |
| ٢٦,٨٢ | ١١ | ٢٦-٣٠ |
| ١٢,١٩ | ٥ | ٣١- ٣٥ |
| ٩,٧٥ | ٤ | ٣٦- ٤٠ |
| ٠ | ٠ | ٤١-زیاتر |
| ٩٩,٩٧ | ٤١ | سەرجەم |

سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.

## خشتەی(٣) سێیەم

باری کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر توانست و ئاستی لێهاتووی پزیشکان هەیە لە خشتەی ژمارە ٣ باری کۆمەڵایەتی ئەو پزیشکان دیاری کراوە کە بەشدارن لە کۆمەڵگای توێژینەوە بە شێوەیەك لە کۆی ٤١ پزیشك ئەوا بە ڕێژەی ٣٩٪ خێزان دار و ٦٠,٩٧٪ سەڵتن .

دابەشکردنی ڕێژەیی بەر توێژەکان (سامپلی توێژینەوە ) بە پێی باری کۆمەڵایەتی :

| باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| سەلت | ٢٥ | $\frac{٢٥}{٤١} \times ١٠٠ = ٦٠.٩٧$ |
| خێزاندار | ١٦ | $\frac{١٦}{٤١} \times ١٠٠ = ٣٩.٠٢$ |
| سەرجەم | ٤١ | ٩٩,٩٩ |

سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.

## خشتەی (٤) چوارەم

بڕوانامەی دەرچووان ئامرازێکی گرنگە لە دۆزینەوەی هەلی کار لە کەرتی تایبەت ئەوەش ڕوونکراوەتەوە لە خشتەی ژمارە ٤ بەشێوەیەك کە پشکی شێر بەر بڕوانامەی بەکالۆریوس کەوتوە و ڕێژەکەی بریتیە لە ٧٣,١٧٪ دواتر بڕوانامەی دبلوم کە بریتیە لە ٢٤,٣٩٪و دواتریش بڕوانامەی ماجستێر کە ڕێژەکەی بریتیە لە ٢,٤٣٪.

دابەشکردنی ڕێژەیی بەر توێژەکان (سامپلی توێژینەوە ) بە پێی بڕوانامە :-

| بڕوانامە | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| دبلۆم | ١٠ | $\frac{١٠}{٤١} \times ١٠٠ = ٢٤.٣٩$ |
| بەکالۆریۆس | ٣٠ | $\frac{٣٠}{٤١} \times ١٠٠ = ٧٣.١٧$ |
| ماجستێر | ١ | $\frac{١}{٤١} \times ١٠٠ = ٢.٤٣$ |
| دکتۆرا | ٠ | $\frac{٠}{٤٠} \times ١٠٠ = ٠$ |
| سەرجەم | ٤١ | ٩٩,٩٩ |

سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.

**خشتەی(٥) پێنجەم :**

**وەسەبارەت بەو بەشداربووانەی سامپڵی توێژینەوەکەن بڕوانامەیان وەرگرتوە لە بەشە پزیشکیەکان ئەوا لە خشتەی ژمارە ٥ ڕوونکراوەتەوە بە شێوەیەك بەشی دەرمانسازی و شیکاری نەخۆشی لە ڕیزبەندی یەکەمن و بە کۆی ڕێژی ٪٤١,٤٦ وە دواتر پزیشکی گشتی دێت کە ڕێژەکەی بریتیە لە ٪١٧,٠٧ دواتریش بەشەکانی تر کە بە شێوەیەك لە شێوەك دەرفەتی کارکردنیان کەمترە لە چاو ٣ بەشی یەکەم کە باسکران .**

**دابەشکردنی ڕێژەیی بەر توێژەکان (سامپلی توێژینەوە ) بە پێی کۆلێژەکان :-**

| کۆلێژە پزیشکیەکان | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| پزیشکی گشتی | ٧ | $\frac{٧}{٤١} \times ١٠٠ = ١٧.٠٧$ |
| دەرمانسازی | ٩ | $\frac{٩}{٤١} \times ١٠٠ = ٢١.٩٥$ |
| ددانسازی | ٥ | $\frac{٥}{٤١} \times ١٠٠ = ١٢.١٩$ |
| پەرستاری | ٣ | $\frac{٣}{٤١} \times ١٠٠ = ٧.٣١$ |
| تاقیگە پزیشکیەکان | ٣ | $\frac{٣}{٤١} \times ١٠٠ = ٧.٣١$ |
| ڤێتێنەری | ١ | $\frac{١}{٤١} \times ١٠٠ = ٢.٤٣$ |
| سڕکردن | ٢ | $\frac{٢}{٤١} \times ١٠٠ = ٤.٨٧$ |
| جوانکاری | ٣ | $\frac{٣}{٤١} \times ١٠٠ = ٧.٣١$ |
| شیکاری نەخۆشی | ٨ | $\frac{٨}{٤١} \times ١٠٠ = ١٩.٥١$ |
| سەرجەم | ٤١ | ٩٩,٩٥ |

**سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.**

**خشتەی (٦) شەشەم :**

**پسپۆڕی مەرجی سەرەکی و گرنگە لەبەدەستهێنانی دەرفەتی کارکردن لە دام و دەزگا پزیشکیەکان خشتەی ژمارە ٦ پسپۆڕی ئەو سامپڵی توێژینەوەکە نیشان دەدات بە شێوەیەك کە پسپۆڕی بەشە پزیشکیەکان کە بریتین لە ( دەرمانسازی و شیکاری نەخۆشی و ددان ) لە ڕیئبەندی یەکەمن بە شێوەیەکی گشتی و دواتریش پسپۆڕی لە بەشەکانی هەریەك لەئێسك و شکان و پزشیکی چاو دێت و دواتریش پسپۆڕی بەشکانی تر.**

**دابەشکردنی ڕێژەیی بەر توێژەکان (سامپلی توێژینەوە ) بە پێی پسپۆڕی :-**

| پسپۆری بەش | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| دەرمانسازی | ٨ | $\frac{٨}{٤١} \times ١٠٠ = ١٩.٥١$ |
| ددان | ٦ | $\frac{٦}{٤١} \times ١٠٠ = ١٤.٦٣$ |
| پەرستاری | ٤ | $\frac{٤}{٤١} \times ١٠٠ = ٩.٧٥$ |
| شیکاری نەخۆشی | ٧ | $\frac{٧}{٤١} \times ١٠٠ = ١٧.٠٧$ |
| ڤێتێنەری | ١ | $\frac{١}{٤١} \times ١٠٠ = ٢.٤٣$ |
| سڕکردن | ٢ | $\frac{٢}{٤١} \times ١٠٠ = ٤.٨٧$ |
| تاقیگە | ٣ | $\frac{٣}{٤١} \times ١٠٠ = ٧.٣١$ |
| مامانی | ٢ | $\frac{٢}{٤١} \times ١٠٠ = ٤.٨٧$ |
| پزیشکی چاو | ٣ | $\frac{٣}{٤١} \times ١٠٠ = ٧.٣١$ |
| ئێسك و شکان | ٤ | $\frac{٤}{٤١} \times ١٠٠ = ٩.٧٥$ |
| جوانکاری | ١ | $\frac{١}{٤١} \times ١٠٠ = ٢.٤٣$ |
| سەرجەم | ٤١ | $٩٩,٩٣ \cong ١٠٠$ |

سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.

## خشتەی(٧) حەوتەم :

سەبارەت بە تێکڕای مووچەی مانگانەی ئەو بەرتوێژانەی سامپلی توێژینەوەکە لە خشتەی ژمارە ٧ دەردەکەوێ ٣٦,٥٨٪ داهاتیان لە نێوان ٥٠٠ بۆ ٦٥٠ هەزار دیناری عیراقیە ئەمەش بە نسبەت دامەزراوەکانی پزیشکی تێچوونێکی کەمە وە هەوڵ دەدەن بە شێوەکی گشتی ئەو خاوەن بڕوانامانە دابمەزرێنن کە رازی دەبن بەم ئاستە لە مووچە،وە لە خشتەکە دەردەکەوێ کە ئەم ڕێژەیە نزم دەبێتەوە تا دەگاتە ئەو کەسانەی کە ئاستی مووچەکانیان لە ٧٥١ دەست پێدەکات وە لە ٨٠١ زیاتر کە ڕێژەکە بریتی دەبێت لە ٩,٧٥٪.

دابەشکردنی ڕێژەیی بەر توێژەکان (سامپلی توێژینەوە ) بە پێی داهاتی مانگانە:-

| تێکرای داهات | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ٥٠٠- ٦٥٠ | ١٥ | $\frac{١٥}{٤١} \times ١٠٠ = ٣٦.٥٨$ |
| ٦٥١ — ٧٠٠ | ١٢ | $\frac{١٢}{٤١} \times ١٠٠ = ٢٩.٢٦$ |
| ٧٠١- ٧٥٠ | ٦ | $\frac{٦}{٤١} \times ١٠٠ = ١٤.٦٣$ |
| ٧٥١- ٨٠٠ | ٤ | $\frac{٤}{٤١} \times ١٠٠ = ٩.٧٥$ |
| ٨٠١- زیاتر | ٤ | $\frac{٤}{٤١} \times ١٠٠ = ٩.٧٥$ |
| سەرجەم | ٤١ | ٩٩,٩٧ |

سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.

## خشتەی (٨) جگە لە زمانی کوردی چ زمانێکی تر دەزانێت :-

ئاستی لێهاتووی لە ڕووی زانینی زمانەکانی بێگانە جگە لە زمانی دایك هۆکارێکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی دەرفەتی کارکردن وەك پزیشك لە دامەزراوە پزیشکیەکان ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی پێشکەوتنی نەخۆشخانەکان لە لایەك وە داواکاری کەس و کاری دەرچووان بەمەبەستی بەرەو پیچشبردنی ئاستی زانستی دەرچووان هەروەك لە خشتەی ژمارە ٨ ڕوونکراوەتەوە کە

**٤٨,٧٨٪له بەرتوێژەکان زمانی ئینگلیزی دەزانن دواتر زمانی عربی له ڕیزبەندی دووەم دێت که ڕێژەکەی بریتیه له ٣٩,٠٢٪، وه دواتریش زمانەکانی تر که ڕیژەکەی بریتیه له ١٢,١٩٪.**

**دابەشکردنی ڕێژەیی بەر توێژەکان (سامپلی توێژینەوە ) به پێی زان**ینی زمان:-

| زمانی تر | ژماره | ڕێژه |
|---|---|---|
| ئینگلیزی | ٢٠ | $\frac{٢٠}{٤١} \times ١٠٠ = ٤٨.٧٨$ |
| عەرەبی | ١٦ | $\frac{١٦}{٤١} \times ١٠٠ = ٣٩.٠٢$ |
| هی تر | ٥ | $\frac{٥}{٤١} \times ١٠٠ = ١٢.١٩$ |
| سەرجەم | ٤١ | ١٠٠≅٩٩,٩٩ |

**سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.**

**خشتەی (٩) نۆیەم:**

**ئاشکرایه که سالانێکه له هەرێمی کوردستان دامەزراندن له کەرتی حکومی وەستاوە حا به هۆی هاتنی داعش بێت یان تەنگژەی ئابووری و سیاسیی . که زانکۆکان سالانه ژمارەیەکی زۆر دەرچوو ڕەوانەی بازاری کار دەکەن بەڵام هیچ هەلێکی کاریشیان بۆ دابین ناکەن هەر بۆیه له ڕاپرسیەکه ڕێژەی له ١٢,١٩٪ دەڵی دامەزراوم که ئەمە زۆر کەمه له چاو دانەمەزراوەکان که به ڕێژەی ٨٧,٨٠٪ .**

**دابەشکردنی ڕێژەیی بەر توێژەکان (سامپلی توێژینەوە ) به پێی دامەزراندن له کەرتی حکومی :-**

| دامەزراوی له کەرتی حکومی | ژماره | ڕێژه |
|---|---|---|
| بەڵی | ٥ | $\frac{٥}{٤١} \times ١٠٠ = ١٢.١٩$ |
| نەخێر | ٣٦ | $\frac{٣٦}{٤١} \times ١٠٠ = ٨٧.٨٠$ |

| | | |
|---|---|---|
| سەرجەم | ٤١ | ٩٩,٩٩≅١٠٠ |

سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەكراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنكێتی پرسینەوە.

## خشتەی (١٠) دەیەم :

سەبارەت بە ساڵانی خزمەت لە كەرتی تایبەت هەروەك دیارە بەهۆی نەبوونی یاسایەكی تایبەت بە كاركردن لە كەرتی تایبەت كە سالانی خزمەت هەژمار بكرێت هەوشێوەی كەرتی حكومی بۆیەش ژمارەی سالەكانی خزمەت كەمن بە پێی ئەم راپرسیەی كە ئەنجام دراوە دیارە كە ڕێژەی١٢,١٩٪ ئەو كەسانەن كە خزمەتیان لە ٧ سال یان زیاترە كە ئەمە كەمترین ڕێژەیە كە تۆماركراوە لەم راپرسیە , بەلاَم زۆرترین ڕێژە ٣٩,٠٢٪ كە سالانی خزمەتیان لە نێوان ٣ بۆ ٤ سال دایە .

**دابەشكردنی ڕێژەیی بەر توێژەكان (سامپلی توێژینەوە ) بە پێی سالاَنی خزمەت لە كەرتی تایبەت :-**

| سالانی خزمەت لە كەرت تایبەت | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ١-٢ | ٩ | $\frac{٩}{٤١} \times ١٠٠ = ٢١.٩٥$ |
| ٣-٤ | ١٦ | $\frac{١٦}{٤١} \times ١٠٠ = ٣٩.٠٢$ |
| ٥-٦ | ١١ | $\frac{١١}{٤١} \times ١٠٠ = ٢٦.٨٢$ |
| ٧- زیاتر | ٥ | $\frac{٥}{٤١} \times ١٠٠ = ١٢.١٩$ |
| سەرجەم | ٤١ | ٩٨,٩٩≅١٠٠ |

سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەكراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنكێتی پرسینەوە.

## خشتەی (١١) یانزەم :

بە پێی ئەم خشتەیە زۆر بەی دەرچوان شوێنی كاركردنیان دەرمانخانەكانە كە بە ڕێژەی ٣٤,١٤٪ كە بەرزترین ڕێژە پێك دەهێنێت و لە دوای ئەو كۆمپانیای دەرمان دێت كە ٢٤,٣٩٪ یە و نزمترین ریژەش كەل و پەلی پزیشكی و تاقیگەییە كە بە پێی ئەم راپرسیە لە سەدا (١٩,٥١ ) .

**دابەشكردنی ڕێژەیی بەر توێژەكان (سامپلی توێژینەوە ) بە پێی شوێنی كاركردن :-**

| شوێنی کارکردن | ژماره | ڕێژه |
|---|---|---|
| کۆمپانیای دەرمان | ١٠ | $\frac{١٠}{٤١} \times ١٠٠ = ٢٤.٣٩$ |
| دەرمانخانه | ١٤ | $\frac{١٤}{٤١} \times ١٠٠ = ٣٤.١٤$ |
| کەل و پەلی پزیشکی تاقیگەیی | ٨ | $\frac{٨}{٤١} \times ١٠٠ = ١٩.٥١$ |
| ڕێکخراوی حکومی و ناحکومی | ٩ | $\frac{٩}{٤١} \times ١٠٠ = ٢١.٩٥$ |
| سەرجەم | ٤١ | ٩٩,٩٩≅١٠٠ |

سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.

**خشتەی(١٢) دوانزەم :**

بە هۆی ئەو بۆشایەی کە لە کەرتی تەندروستی دروست بووە جا چ بە هۆی خانەنیشینیان مردن بێت یان بە هەر هۆکارێکی تر , بۆ ئەمەش وەزارەتی تەندروستی ڕێژەیەکی زۆری لە دەرچووی دانەمەزراو بە ناوی جیا جیا لەم پرۆسەیە وەرگرتوە و ئەم بۆشاییەی پێ پرکردۆتەوە لە شێوەی گرێبەستی سالأنە کە ڕێژەی ٨٧,٨٠٪ پێك دەهێنێت , و بەشێوەی ڕێژەی فرۆشتن ڕێژەی ١٢,١٩٪ پێك دەهێنن کەمترن لە چاو گرێبەستەکان .

**دابەشکردنی ڕێژەیی بەر توێژەکان (سامپلی توێژینەوە ) بە پێی جۆری دامەزراندن لە کەرتی تایبەت :-**

| جۆری دامەزراندن | ژماره | ڕێژه |
|---|---|---|
| گرێبەستی سالانە | ٣٦ | $\frac{٣٦}{٤١} \times ١٠٠ = ٨٧.٨٠$ |
| کارکردن بەشێوەی ڕێژەی فرۆشتن | ٥ | $\frac{٥}{٤١} \times ١٠٠ = ١٢.١٩$ |
| سەرجەم | ٤١ | ٩٩,٩٩≅١٠٠ |

سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.

**خشتەی (١٣) سیانزەم:**

به پێی ئەم خشتەیە کاتەکانی کارکردن دیاریکراوە کە ژمارەیەکی زۆر کاتی بەیانیان کارەکانیان ئەنجام دەدەن بە ڕێژەی ٧٣,١٧٪ و ئەوانەی کە کارەکانیان بە کاتی ئێواران ئەنجام دەدەن ژمارەیان کەمترە کە دەکاتە ٢٦,٨٢٪ .

دابەشکردنی ڕێژەیی بەر توێژەکان (سامپلی توێژینەوە ) بە پێی کاتی کارکردنی ڕۆژانە :-

| کاتی کارکردن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەیانیان | ٣٠ | $\frac{٣٠}{٤١} \times ١٠٠ = ٧٣.١٧$ |
| ئێواران | ١١ | $\frac{١١}{٤١} \times ١٠٠ = ٢٦.٨٢$ |
| سەرجەم | ٤١ | ١٠٠≅٩٩,٩٩ |

سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە.

## خشتەی (١٤) چواردە :

به پێی ئەم خشتەیە ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن جیاوازی هەیە بە جۆرێك زۆرترین ژمارە کە کاتەکانی کارکردنیان لە نێوان ( ٨ بۆ ٩ ) سەعاتە ڕێژەی ٦٨,٢٩٪ پێك دێنێت , و لە دوای ئەویش بە پلەی دووەم ( ٦بۆ ٧ ) کاتژمێرە کە ڕێژەی ١٧,٠٧ ٪ پێك دێنێت , وە دواتر لە ١٠ کاتژمێر زیاتر دێت کە ڕێژەکەی ٧,٣١٪ کەمترین ژمارەی کارکردنیش لە نێوان (٢بۆ ٣ ) کاتژمێرە کە دەکرێ بلین هە ننیە بە ڕێژەی ٠٪ .

دابەشکردنی ڕێژەیی بەر توێژەکان (سامپلی توێژینەوە ) بە پێیژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن لە ڕۆژێکدا :-

| ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ٢-٣ | ٠ | $\frac{٠}{٤١} \times ١٠٠ = ٠$ |
| ٤-٥ | ٣ | $\frac{٣}{٤١} \times ١٠٠ = ٧.٣١$ |
| ٦-٧ | ٧ | $\frac{٧}{٤١} \times ١٠٠ = ١٧.٠٧$ |
| ٨-٩ | ٢٨ | $\frac{٢٨}{٤١} \times ١٠٠ = ٦٨.٢٩$ |
| ١٠-زیاتر | ٣ | $\frac{٣}{٤١} \times ١٠٠ = ٧.٣١$ |

| | | |
|---|---|---|
| سەرجەم | ٤١ | ٩٩,٩٩≅١٠٠ |

سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە:-

خشتەی (١٥) پازده:

**بە پێی ئەو ئەنجامانەی کە لە خشتەی ژمارە (١٥) دا دەردەکەوێت کە پێك دێت لە (٥) پرسیار و بۆ هەر پرسیارێك لایەنەکان تاچەند رەزامەندیان لەسەر هەیە .**

**پرسیاری یەکەم** :رازیت لە کارەکەت لە کەرتی تایبەت : بە پێی ئەم راپرسیە رێژەیەکی زۆر رەزامەندی دەربرێوەو و بە بەڵی وەلامیان داوەتەوە کە بە رێژەی ٨٥,٣٦٪ وژمارەیەکی کەمتر بە نەخێر ولامیان داوەتەوە کە بە ڕێژەی ١٤,٦٣ ٪ .

**پرسیاری دووەم** : ئایا موچەکەت گونجاوە لەگەل پسپۆڕیەکەت : بێگومان هەر پزیشکێك بەرامبەر ئەو کارانەی کە دەیکات برە پارەیەکی دیاریکراو وەردەگرێت جا ئەم برە گونجاو بێت لەگەل کارەکەی یان نا , بە جۆرێك لەم خشتەیەدا بە رێژەی ٦٠,٩٧٪ بە بەڵی وەلامیان داوەتەوە کە ئەو برەیان پێ گونجاوە لەگەل ئەو کارانەی کە دەیکات, لە بەرامبەردا بە رێژەی ٣٩,٠٢٪ بە نەخێر وەلامیان داوەتەوە .

**پرسیاری سێیەم** : ئایا کارەکەت گونجاوە لەگەڵ پسپۆریەکەت : بێگومان هەر تاکێك لەو بوارەدا کار دەکات کە پسپۆری لێی هەیە زۆر نین ئەوانەی کە لە بواری خۆیان کاریان دەست ناکەوێت بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش کە لە خشتەی ژمارە ١٥ کراوە بە رێژەی ٨٧,٨٠٪ بە بەڵی وەلامیان داوەتەوە کە کارەکەیان لەگەل پسپۆریەکەیان گونجاوە , و رێژەی ١٢,١٩٪ بە نەخێر وەلامیان داوەتەوە کە کارەکەیا پێچەوانەیە لەگەل پسپۆریەکەیان .

**پرسیاری چوارەم** : ئایا ژینگەی کارەکەت دەرفەتی رەخساندووە تا داهێنان بکەیت لە جێبەجێکردنی کاری رۆژانەت : بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش کە لەم راپرسیە بە دەست هاتووە بە رێژەی ٧٣,١٧٪ وەلامی بەلێیان هەلبژاردووە ئەمەش مانای وایە ئەو ژینگەی کاری تێدا دەکەن هەلی ئەوەی پێداون داهێنان بکەن لە کارەکەیان یان لەو بوارەی کە پسپۆریان هەیە , لە بەرامبەردا ڕێژەی ٢٦,٨٢٪ وەلامی نەخێریان هەلبژاردووە کە مانای وایا ئەو ژینگەیە ئەمانە کاری تێدا دەکەن دەرفەتی پێ نەداون تاوەکو داهێنان بکەن .

**پرسیاری پێنجەم** : ئامێرو تەکنەلۆجیا وەك (کۆمپیوتەر و داتاشۆ و هتد ) بەکاردەهێنی . لە وەلامی ئەم پرسیارەشدا رێژەی ٩٠,٢٤٪ بە بەڵی وەلامیان داوەتەوە بە مانای ئەوە کۆمپیوتەرو داتاشۆ بە کاردێنن بۆ جێبەجێکردنی کاری ڕۆژانەیان بە تایبەتی کە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا ین هەر بۆیە پێویستیەکی زۆرەو و رێژەکەش باشە کە ئەم ئامێرانە بەکاردێنن بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان , لە بەرامبەردا رێژەیەکی کەمتر ٩,٧٥٪ بە نەخێر وەلامیان داوەتەوە .

| پرسیار | بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | ڕێژە | دووبارە بوونەوە | ڕێژە |
| ١-ڕازیت لە کارەکەت لە کەرتی تایبەت . | ٣٥ | $\frac{٣٥}{٤١} \times ١٠٠ = ٨٥.٣٦$ | ٦ | $\frac{٦}{٤١} \times ١٠٠ = ١٤.٦٣$ |
| ٢-ئایا موچەکەت گونجاوە لەگەڵ پسپۆڕیەکەت . | ٢٥ | $\frac{٢٥}{٤١} \times ١٠٠ = ٦٠.٩٧$ | ١٦ | $\frac{١٦}{٤١} \times ١٠٠ = ٣٩.٠٢$ |
| ٣-.ئایا کارەکەت گونجاوە لەگەڵ پسپۆریەکەت . | ٣٦ | $\frac{٣٦}{٤١} \times ١٠٠ = ٨٧.٨٠$ | ٥ | $\frac{٥}{٤١} \times ١٠٠ = ١٢.١٩$ |
| ٤- ئایا ژینگەی کارەکەت دەرفەتی ڕەخساندووە تا داهێنان بکەیت لە جێبەجێکردنی کاری ڕۆژانەت | ٣٠ | $\frac{٣٠}{٤١} \times ١٠٠ = ٧٣.١٧$ | ١١ | $\frac{١١}{٤١} \times ١٠٠ = ٢٦.٨٢$ |
| ٥-ئامێرو تەکنەلۆجیا وەك (کۆمپیوتەر و داتا بەیس هتد ) بەکاردەهێنی . | ٣٧ | $\frac{٣٧}{٤١} \times ١٠٠ = ٩٠.٢٤$ | ٤ | $\frac{٤}{٤١} \times ١٠٠ = ٩.٧٥$ |

سەرچاوە : ئەم خشتەیە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەران بە پشت بەستن بە ئەنکێتی پرسینەوە

## کـــۆتایی

### دەرئەنجام :

**لێرەدا هەڵدەستین بەخستنەڕووی گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە لە توێژینەوەکەمان لە ڕوناکایی پرسیارەکانی ئەنکێتی توێژینەوەکەمان و خوێندنەوەی خۆمان بۆ دیاردەکە دەخەینەڕوو:**

١- بێ بەڵێنی حکومەت لە ئاست داواکاری دەرچوانی زانکۆ ( بەتایبەتی چەند بەشێکی دیاری کراو ) وە دامەزرانیان لە کەرتی گشتی وە بێ بەڵینی سیاسیەکان لە ئاست ئەو بەڵێنانەی کە لە کاتی هەڵبژاردنەکان بە بێکارەکانیان داوە بەتایبەتیش دەرچوانی زانکۆ کە ئەو کێشەیەی قوڵتر کردۆتەوە.

٢- لاوازی یاخود بەشداری پێنەکردنی دەرچوانی زانکۆی هەولێری پزیشکی لەخولی راهێنان و بەهێزکردن بەشێوەیەکی پێویست بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ بازاری کار ئەمەش وادەکات کە زیاتر هەل بۆ کرێکاری کارامە و لێهاتوو بڕەخسێنێت لە بازاری کاردا سەرەڕای نەبوونی بڕوانامەی بەرز.

٣- زیادبوونی بێکاری دەرچوانی زانکۆ کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر لایەنی دەرونی بێکار و دەبێتە هۆی ئەنجامدانی زۆرێك کاری نەشیاو بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی خۆی بەتایبەتیش فڕو فێڵ و دزی و کوشتن و ...هتد، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دروست دەکات و دەبێتە هۆی تێچوونی ئاسایشی ووڵات.

٤- ڕێژەی نێر لە توێژینەوەکە زیاترە کە بەرێژەی ٧٥,٦٠٪ لە چاو ڕێژەی مێ کە ژمارەیان کەمترە بە ڕێژەی ٢٤,٣٩٪ .

٥- ڕێژەی ئەو کەسانەی کە خێزاندارن لەگەل ڕێژەی ئەو کەسانەی کە سەلت بە پێی ئەم توێژینەوەیە ئەوانەی کە خێزاندارن ٣٩,٠٢٪ وە ئەوانەی کە سەڵتن ٦٠,٩٧٪ .

٦- یەکێك لە هۆکارەکانی تری بێکاری دەرچوانی زانکۆ هاتنی ئاوارە و کرێکارە بیانییەکان کە کارامەیی و لێهاتووییان هەیە بەتایبەتیش لەبازاری کاردا ئەمە لە لایەك. وە لەلایەکی تریشەوە ئەو کرێیەی کە ئەوان وەریدەگرن زۆر کەمترە لەو کرێیەی کە کرێکارانی ناوخۆ دوای دەکەن بۆ کارکردن بەتایبەتیش دەرچوانی زانکۆ.

٧- کەرتی تەندروستی تایبەت دەتوانین بلین لە چاو کەرتە تایبەتەکانی تر ڕۆڵێکی باشتری بینیوە لە کەم کردنەوەی بێکاری دەرچوان , چونکە نەخۆشخانەی ئەهلی زۆرتر کراونەتەوەو بەمەش ژمارەیەك پزیشکان وەرگرتوە بەلام ئەمەش مانای وا نییە کە گرفت نەماوە لە کەرتی تەندروستی بەلکو تەنها کەمیان کردۆتەوە .

پێشنیاری توێژینەوەکە :

١- هەڵسان بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر بۆ دیاریکردنی ئاستەنگی ڕاستەقینەی بەردەم دیاردەی بێکاری دەرچوانی زانکۆی هەولێری پزیشکی .

٢- پەیوەیست کردنی پڕۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆیی لەگەڵ بازاڕی کار بەجۆرێك دەرچوانی زانکۆ لە دوای دەرچوونیان پەیوەندییەکی راستەوخۆیان هەبێت بەو هەلی کارانەی کە بازاری کاردا بوونان هەیە و بتوانن ڕاستەوخۆ تێیدا دابمەزێن و کار بکەن

٣- دانانی یاسای تایبەت بۆ کەرتی تەندروستی تایبەت کە پزیشکەکان هاوشێوەی کەرتی تەندروستی حکومی خزمەتیان بۆ هەژماربکرێت .

٤- دابینکردنی بیمە و پێدانی مۆلەت لە کاتی پێویستدا هاوشێوەی کەرتی تەندروستی حکومی بۆ ئەوەی دەرچووان تەنها چاویان لەسەر کەرتی حکومی نەبێت و مافیان پارێزراو بێت .

٥- و پێویستە حکومەت دووبارە چاو پێخشانەوەیەکی سەرتاسەری بکات بە کەرتی تەندروستی ئەو پزیشکانەی کە گەشتونەتە تەمەنی خانەنشینی خانە نشینیان بکات و لە جێگای ئەوان دەرچووی تازە دابمەزرێن .

٦- و پێویستە کەرتی تەندروستی لەگەل نەخۆشخانەکان رێك بکەون لەسەر وەرگتنی برێکی دیاریکراو لە دەرچووەکانی زانکۆ بە شێوەی سالانە بۆ ئەوەی کەرتی تەندروستی تایبەت رۆلی هەبێت لە کەمکردنەوەی بێکاری دەرچوانی زانکۆی هەولێری پزیشکی .

**لیستی سەرچاوەکان :**

**سەرچاوە کوردیەکان:**


**١- د.دنیا نەجمەدین، کەمال چۆمانی، چاکسازی لە بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان، ١-٧- ٢٠١٨ economy ,diplomaticmagazin-net**

**٢- پ.د.هۆشیار معروف ، د.نیاز نەجمەدین، ماکرۆ ئابووری ،٢٠١٦، لاپەڕە١٣٢ .**

**٣- د.زکی حسين قادر، د.جودت جعفر خطاب، د.خاليد حيدر. د.کامەران احمد محمد ، کتێبی ئابووری ، چاپی سێزدەهەم، ٢٠١٩زاینی،٢٧١٩ کوردی، ١٤٤٠کۆچی.لاپەڕە ٥٢.**

**٤- د.ايوب انوەر سماقەیی ، بنەماکانی ئابووری ، ٢٠١٤، چاپی هەشتەم، لاپەڕە ٢٥.**

**٥- د.ايوب انوەر سماقەیی، بنەماکانی زانستی ئابووری ، چاپی شەشەم ، هەولێر ، ٢٠١٦، لاپەڕە ٧٣- ١٠٤.**

**٦- د.جودت جعفر, سەرەتاکانی زانستی ئابووری، ٢٠١٨ زاینی ـ ١٤٣٩ کۆچی, لاپەڕە -٦٠- کار لاپەڕە ١٢.**

**٧- د.احسان محمد حسن ، کۆماڵناس، ٢٠١٥ز , لاپەڕە -١٠٥.**

**٨- پ.د.هۆشیار معروف د.نیاز نەجمەدین ، ماکرۆ ئابووری(تیۆری و سیاسەت), ٢٠١٦ز ,لاپەرە١٣١.**

**٩- ئیسماعیل عبدالرحمان، چەمکە بنەرەتیەکانی ئابووری(ئابووری هەموەکی) ،٢٠١٤ , لاپەرە١٢٧ز.**

**١٠- د.محمد سليمان محمد، ئابووری، چاپی دووەم ،٢٠٠٨ ز،١٤٢٩ کۆچی ، لاپەڕە ٩٩-١٠٠.**


**سەرچاوە عەرەبیەکان :**


**١- د.ماجد عثمان, السكان وقوة العمل في مصر نسخة محفوضة , /٨ يناير ٢٠١٣,**

**(علي موقيع-واي باك مشين).**

**٢- د.علاْ شفيق الراوي و د.عبدالرسول عبدالجاسم، اقتصاد العمل،١٩٨٩م ,ص٢٢.**

**٣- د.عادل الفليع العلي ، اقتصاد العمل, ١٤١١الهجري،١٩٩٠م , ص٥١-٥٢.**

**٤- د.خالد واسف , الوزني مبادئ ، الاقتصاد الكلي، ٢٠١٧م, ص ٥٢.**

٥- د.شفيق الراوي، اقتصاد العمل ، ١٩٧٩م -ص ٢٢.

٦- د.عادل فليع العلي، اقتصاد العمل، ١٩٩٠م ، ص.٢٣٤ .

٧- د.محمود حسين الوادي ، الاقتصاد الكلي، ٢٠٠٧م ،ص ١٦٤.

٨- خالد واصف الوزني ، مبادئ الاقتصاد الكلي، ٢٠٠٧م ،ص .١٩٦.

٩- خالد واصف الوزني ، مبادئ الاقتصاد الكلي، ٢٠١٧م ،ص .٥٢.